# لێیان گەڕێن ئارام بنوون !.

**تاریق نامیق حەسەن**
tariqnamiq@yahoo.com



هەر لەو ساتەی بەشێك لەنەتەوەكەم لەئاكامی جینۆسایدێك لە هەڵەبجە سەریان نایەوە وچاویان لێكنا هەڵەبجە چۆڵ و وێران وئەوانی رزگاریشیان بوو لەم كارەساتە سەرگەردان بوون و لەزەتی ژیان لە ناخیاندا نەما لەو ساتەوە هەڵەبجە ناوی دێت و دەوترێتەوە تا وای لێهات بەعسیش یادی بكاتەوە و بلێ ئێران هەلەبجەی كیمیاباران كـــرد و نكۆڵی لەو تاوانە دەكرد تا ئەوێ ئاساییە كـــە رژێمێكی دكتاتۆری بێ ویژدان چۆن رەفتار لەگەڵ باسەكە دەكات چونكە

لە درندەیی زیاتری لێ چاوەروان ناكرێ و كەس تەماحی لەوە نەبووە بەعسی خوێن ڕێژ لوتف بنوێنێ ,بەلاَم لەدوای ڕاپەرینەوە پەیتا پەیتا خەڵكی دەچنە هەڵەبجە بێ ئەوەی دلنیا بین لەوەی پپیرۆزییەكانی ئەو شارە دەپارێزن لە كاتی چونیان ئەوەش بەشێكی زۆری دەكەوێتە ئەستۆی خۆمان و دەوەستێتە سەر دەرك كردنمان بەو مەترسییانەی كە پیرۆزی شارەكەمان رووبەرووی دەبێتە وە خۆ ناكرێ كە هەر كەسێك و بە هەر مەرامێك دێتە شارەكە ئێمە لە بەردەمی ناڵە مان بێ و چاومان لە دەستی بێ كورد لە هەڵەبجە زۆرتری لە هەموو ئەوە لە دەست داوە كەپێی قەرەبوو بكرێتەوە و ئاوەدانكردن وخۆشگوزەرانی خەلكەكە ش ئەو ئەركە قورسە نییە تا چاو لە دەستی كەسانێك ببرین كە ئێستاش داكۆكی لە تاوانبارانی ئەنجامدەری ئەو كارەساتە دەكەن , با داواكاریمان بەرز و پیرۆز راگرتنی سەرفرازی قوربانیان ورزگاربووان بێ لەو كارەساتە.

با دوژمنانی دوێنێ وئەمرۆی كورد ئەوەیان بۆ دەركەوێ كە گەستنی سەك وژەهری مار رۆڵەی كورد دەكوژێ و ژیانی تاڵ دەكات بەلاَم چۆكی پێدانادا و سەرشۆری ناكات , و ئەو برینەشی كە لە جەستەمانە تەنها خۆمان دەتوانین سارێژی كەین نەك خەڵكانێ كە فرمێسكێكیان بۆ مرۆڤایەتی نەرشتووە و لەناخەوە هێشتا بە خوێنی كورد تینوون و شاكامی بەوە دێنن كە دوێنێ بەسەر كورد هات .

یەك كۆمەكی راستەقینە ی خۆمان هەڵەبجە دەكاتەوە شار و خزمەتی بۆ دەباتەوە دوور لە منەتی هیچ كەسێك و حكومەتی عێراقیش كە تا ئێستا بە فەرمی داوای لێبووردنی لە گەلی كورد و خەڵكی هەڵەبجە نەكردوە وقەوارەی تاوانەكەی دەرنەخستوە وەكو خۆی .